

# گەنج بوون و
# گرفتەکانی گەنجی کورد


هیڤار _ خالید قادر

رانیە

Hevar_1@yahoo.com


گەنجان بریتین لە گرنگترین و سەرەکیترین توێژەکانی کۆمەڵگا و پانتایەکی گەورەی مرۆڤایەتی پێك دێنن، و هەمیشە بە هەوێنی نویٚ بونەوە ، و گۆرانکاری و گەشە کردنی کۆمەڵگا دادەنرێن .

مرۆڤ لە دوای تەمەنی منالیەوە دێتە قۆناغی گەنجییەوە ، کە هەستیار ترین کاتی تەمەنی مروڤە و لەو تەمەنەدا ، پێداویستیە فیسۆلۆژیەکان گەشە دەکەن و بەهرەو خواست و خەونەکانی ژیان چرۆ دەکات ، هەروەها لەو قۆناغەدا مروڤ تواناو ووزەیەکی بەهێزی جەستەیی دەبێت ، خاوەن جولەیەکی سەرکەشانە و هەستێکی یاخیانەیە کە بەردەوام دەیەوێت وێنای ئەو دنیایە بکێشێت کە لە خەونەکانیدا رەنگ دەداتەوە .

بە پێی فەرهەنگی هەمبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار لە رووی ووشەوە ( گەنج ) واتە : ( لاو ، جحێڵ ، خۆرت ، خەزێنە ، نەغدینە ، جوان لە تەمەندا دەگەیەنێت ) خۆرت ، واتە ( لاو ، جحیڵ ) هەروەها نەغدینەش واتە : خەزنە دەگەیەنێت کە لە بەرامبەر گەنجیشدا بەکار دەهێنرێت .

لە رووی بایەلۆژی و تەمەنەوە بۆچوونی لێك جیا جیا هەیە بۆ دەست نیشانکردنی تەمەنی گەنج . لە پەیرەوو بەرنامەی بەشێك لە رێکخراوەکانی گەنجان ، زۆر جار ئەم تەمەنە گۆرانی بەسەردا هاتوە لە ١٥ بۆ ٢٥ یان لە ١٨ بۆ ٣٠ هێندێك جار تا ٤٠ ساڵ ئاماژەی پێدراوە ، وە لە راپۆرتی ئەنجومەنی ئابووری نەتەوە یەکگرتوەکان لە ساڵی ٢٠٠٣ هاتوە : کە گەنج بوون واتە تەمەنی ١٥ بۆ ٢٤ ساڵی ، بەڵام پێوەرێکی گشتی تر و تازەتر کە کۆدەنگیەکی نیودەوڵەتی لەسەرە و پەیوەستە بە رێکەوتنامەیەکی نەتەوە یەکگرتوەکان دەڵێت : گەنج ئەو کەسەیە کە تەمەنی لە نێوان ١٥ بۆ ٣٥ ساڵ بێت . وە بە پێی ئەم رێژەیە گەنجان ، بە گریمانەی لە ٣٥٪ بۆ ٤٠٪ کۆمەڵگا پێك دەهێنن وە ئەگەر تەمەنی ٦ بۆ ١٨ ساڵیشی لەگەڵ وەرگرین کە تەمەنی منداڵیە ، ئەوا نیزیکەی لە ٦٩٪ کۆمەڵگا پێك دێنن .

گەنج بوون تەمەنێکی ناسکی مرۆڤە کە ئاسۆی ژیان بە خۆوە دەگرێت . تین و توانای گەنجان رۆڵێکی چالاك دەبینێت لە کۆمەڵدا کە دەتوانرێت وەك نەوەیەکی نویٚ دەربکەوێت کە هەڵگری شوناس و گوتارێکی خوی بیٚ و ببێتە هەوێنی گۆران و داهێنان . بەڵام سروشتی گەنج هەمیشە توشی بەریەککەوتن دەبێت لەگەڵ کەلتوور و فەرهەنگ و دەسەڵاتەکانی کۆمەڵگا بە تایبەتیش لە کۆمەڵگا داخراوەکان ، ئەو کۆمەڵگایانەی کە فەرهەنگ و کەلتوور و داب و نەریتێکی کۆمەلایەتی داخراویان هەیە هەمیشە توێژی گەنجان لە پەراویز دەخرین و بە ناوی دین و ترس و شەرم و گوناە و پیرۆزیەکانەوە ئەم توێژە لە قالب دەدرێت ، بۆ ئەوەی هەمان وێنەی باوانیان بکێشنەوە و دریژە بە نۆرمە کۆمەلایەتیەکان بدەنەوە ، بەمەش کۆمەڵگا لە بازنەیەکدا

دەخولێتەوە روحی گۆڕان و داهێنان پەك دەخرێت بەلام لە کۆمەڵگا کراوەکان گەنجان رۆلێکی گەورە لە پێشکەوتن گەشە کردندا دەبینن هەمیشە وەك نەوەیەکی تازە وەك بەشێکی زیندووی کۆمەڵگا دەردەکەون و رۆلێکی ئەکتیڤ لە گەشەکردندا دەبینن .

گەنج بوون وەك چەمکێکیش بۆ ژیاندۆستی و بروابوون بە ئیرادەی ژیان و توانای کارکردن و جوانی و ....هتد بە کاردەهێنرێت کە سروشتی گەنج هەمیشە بە جوڵە و کارایی و پر لە هیواییەوە دەناسرێتەوە ، بەو واتایە گەنج بوون بەدەر لە پێوەری تەمەن ، پەیوەستیشە بە روح و هەستێکی بەرزەوە کە بروای بە گەشبینی و جوانی و داهێنانەوە هەیە

هەروەها وەك میتۆدێکیش فکریش ، لە زۆر بوار بە کار دەهێنرێت ، وەك ( نەوەی کۆن و نەوەی نوێ ، کۆمەڵگای پیر و کۆمەڵگای گەنج .. هتد کە لەم روانگەشدا گەنج بوون زێتر بە مانای نەوەی نوێ ، پرۆژەی نوێ ، ژیانی نوێ ، گۆران و کرانەوە دەگەیەنێت

لە کۆمەڵگای کوردیدا توێژی گەنجان تا ئێستا لە پەراوێزدا دەژین ، لە لایەك کۆمەڵگای کوردی پەیوەستە بە داب و نەریت و کەلتوورێکەوە کە لە قولایەکانی دین و خێڵەوە سەرچاوە دەگرێت ، هەر لە منالییەوە پەروەردیەکی نا تەندروست و چەمکی گوناه و حەلاڵ و جیاوازی رەگەزی ، بە تایبەتیش بەرامبەر بە رەگەزی مێ و درێژە دان بە سیستەمەکانی خێڵ ، وای کردوە کە گەنجان لە گرفتێکی دەروونی گەورەدا بژین . هەروەها دەسەلاتی سیاسی کوردیش کە دەسەلاتێکی گەنجانە نیە و تا ئیستا خاوەنی پرۆژەیەکی زانستی نەبوە بۆ گەنجان تا لەو رێگایەوە بتوانرێ پەرە بە خەونەکانیان بدرێ و گەنج بوون ، بێتە ناو کایەکانی کۆمەڵگاکەمانەوە .

لە لایەکی تریش خودی گەنجان خۆیان تا ئیستا وەك نەوەیەکی نوێ دەرنەکەوتوون کە خاوەنی گوتارێکی هاوبەش بن و وەك کارتێکی فشار رۆلْ ببینن لە گۆرانکاریەکان ، یان ببنە نەوەیەك کە خاوەن دیدێکی تازەتر بن بۆ ژیان ، کە بێگومان ئەمەش هۆکاری تایبەتی خۆی هەیە ، چونکە گەنج بوون و پرۆژەی گەنج ، پەیوەستە بە فکرو رەخساندنی زەمینەیەکی گونجاوەوە ، کە گەنج بتوانێت تێیدا پێناسی خۆی بکات. گویی لێبگرێت ،ئەزموون وەرگرێت ، هان بدرێت وگەشەی پێبدرێت ..هتد .

لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان ، چەندین رێکەوتنامە و پلانی ستراتیجی هەیە کە دەولەت و رێکخراوە مەدەنیەکان ، بۆ دروست بوونی پرۆژەی گەنج کاری لەسەر دەکەن ، بەلأم بە داخەوە لە کۆمەڵگای ئێمە نەك هەر پرۆژە و پلانێك نیە بۆ گەنج ، بەڵکو سیاسەتی کوردی بە گشتی سیاسەتێکی پراکتیکیانەی قەدەریانەیە ، کە دوورە لە فکر و پرۆژەکی پێش وەخت ، کە خاوەن ستراتیجێکی دیار بێت .

گەنجی کورد لە واقیعێکی دژواردا دەژی چونکە لە سەردەمی ئینتەرنێت و قسە کردن لە ئازادیەکانی تاك و سیستەمەکانی دیموکراسی کۆمەڵگای مەدەنیدا لە زۆربەی خەونەکانی بێبەشە ، حیزب لە کۆمەڵگای ئێمەدا رۆلێکی نەگەتیڤی لەو بوارەدا بینیوە و لە ماوەی چەند ساڵی دەسەلاتی کوردی هێندەی لە هەولی کورسی پەرستن دابوون ، هێندە لە خەمی گرفتە سەرەکیەکانی کۆمەڵگای کوردی نەبوون کە خۆی لە سیستەمێکی کۆمەلأتی داخراو و چەق بەستودا دەبینێتەوە بە نمونە لە رووی پەروەردە ئۆرگانە پەروەردەیەکانەوە ، کە بەرەدەوام مرۆڤی شەرمن و ترستنۆك و بێباك و لاواز بەرهەم دەهێنێت .

شەری ناوخۆ و دزی و گەندەڵی و دواتر به عەسكەرتاریەت كردنی گەنج و به حیزبی كردنی ژیانی خەڵك گەنجی كوردی توشی جۆرێك لە نائومێدی كردوە . زیندوو كردنەوەی هەستی خێڵ و برەو دان بە رەوتە كۆنەپارێزەكان ، له لایەكی تریش قسه كردن له دیموكراسی و مافه مەدەنیەكانی ، كۆمەڵگای كوردی توشی دووفاقیەتیكی گەورە كردوە .

ململانێی نەوەكان لە هەموو سەردەم و قۆناغێكدا رەنگ دەداتەوە له كۆمەڵگا پێشكەوتوەكان ئەم ململانێیە لەسەر بنەمای لەیەكتر تێگەیشتن و ڕانانی گۆڕانێكی تازەیه لە ژیانی هەمەلایەنی خەڵك ، بەڵام لە كۆمەڵگای ئێمە جۆرێك لە دابران لە نێوان ئەم دوو نەوەیەدا هەیە ، به تایبەتیش لە نەوەی رابردوو ، كە دەیهەوێت بە ناوی پیرۆزیەوە درێژە بە تەمەنی خویٚ بدات دەسەلأت زیاتر بۆ خۆی پاوان بكات .

لە كۆمەڵگایەكدا كە جەستە كرابێتە شەرەفی ئینسان و جوانی و خۆشەیستی بە بە گوناه و حەلأل و حەرامەوە گەورە بێت ، كۆمەڵگایەك كه له نێوان رەش و سپییدا مانایەكی نەبێت بۆ ژیان و وەك ئیسماعیل بێشكچی دەڵیٚ : كۆمەڵگایەكی شوان كارە و وەك مێگەل بێت ، شوانێك بەرێوەی بەریٚ .

لە كۆمەڵگایەكی لەم شێوەیە كە هێشتا هەستی تاك بوون و تێگەیشتن لە ماف و ئەركەكانی هاوڵاتی مانایەكی نەبێت . رێكخراوەكانی پاشكۆی حیزب بن بۆ بەرژەوەندی خۆیان روحی گەنج بخەسێنن و واتایەك نەبێت بۆ كەرتی تایبەت و سەربەخۆیی رێكخراوە مەدنیەكان .

كۆمەڵگایەك كە باڵەخانەی بەرپرسەكان و مەقاول و پرۆپۆزەل و تەندەری پر لە گەندەڵی ، دارایی ووڵاتی تەنیبێت ، بەڵام گەنجان خاوەن كەمترین داهات بن و گەورەترین گرفتی نیشتەجیٚ بونیان هەبێت و تەنها ژورێكیان بە ١٠٠$ دەستە نەكەوێت ، بەلأم لە هەموو گەرەك و شار و گوندێك چەندان مزگەوت و بارەگای گەورەی حیزبی هەبێت كەچی گەنجان لە زۆربەی شارو شارۆچكەكان تەنها شوێنێكیان نەبێت بۆ پەرە پێدانی خەون و هیوا و خۆزگەكانان بە نموونە لە ( یاریگایەك ، لە سەنتەرێكی گەنجانە ، لە لە هۆڵێك ، لە مەلەوانگە وسینەماو كتێبخانەیەك ، تەنانەت لە پولێكی خوێندندا ٥٠ بۆ ٦٠ قوتابی تێدا بخزێنرێت ، بێگومان لەم كۆمەڵگایە ، بوونی نەوەیەكی نویٚ پرۆژەیەكی ئەستەم دەبێت و گەنجانیش لە گرفت و بێهودەیەكی گەورەدا دەژین .

بۆیە گرنگە بە زووترین كات و بە پیی پلانێكی پێش وەخت ، كار لەسەر كۆنفرانسێكی گەورەی گەنجان بكرێت بۆ ئەوەی داخوازینامەیەك گەلأله بكرێت كه كار لەسەر دەست نیشانكردنی گرفتەكان بكات و پلانێك بۆ چارەسەر دابڕێژرێت و بكرێتە كارنامە و بەرنامەی دەوڵەت و رێكخراوە ناحكومیەكانەوە و كاری لەسەر بكرێت .